## کازیوە ساڵح لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ ئایندەی گەرمیان:

# ئەو کێشانەی هەتا ئێستا ڕیکخراوەکانیژنان باسی دەکەن هێندە قورس نین بە بڕیارەکی حکومەت چارەسەر نەکرێت

***لە پاش ڕاپەڕینەوە بزوتنەوەی ژنانی کوردستان، تا ڕادەیەکی باش دەرگایان لە بەردەمدا والا بوو بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکخەن و بەرەوە هێنانەدی ئامانجەکانیان هەوڵی خۆیان بخەنەگەر. لە پاڵ بوونی ئەو ڕێکخراوانەدا چەندین ژنی ڕوناکبیرو هۆشیارقەڵەمەکانیان خستە سەر کاغەز و بوون بە داکۆکیکەرێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان.خاتوو کازیوە ساڵح یەکێکە لەو قەڵەمانەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ژنی کورد وەك هەموو توێژەکانی تری کوردستان ڕۆڵی مێژووی خۆی لە کۆمەڵگاکەماندا ببینی.بۆ وەرگرتنی بیرو بۆچوونەکانی سەبارەت بە بزوتنەوەی ژنانی کوردستان (ئایندەی گەرمیان )ئەم چاوپێکەوتنەی لە گەڵدا سازدا.***

***★ پاش تێپەڕبوونی دەهەیەك بە سەر ئازادی کوردستانی باشووردا ،چۆن دەڕواننە ئەو بزوتنەوانەی کە ئێستا بە ناوی ژنانەوە لە کوردستاندا کاردەکەن ؟.***

- دیارە ناتوانین هێڵی ڕاست و چەپ بە سەر کاری ڕێکخراوەکاندا بهێنین و بڵێین هیچیان نەکردوە ، بەڵام لەوانەیە خۆتان ئەوە بزانن کە خۆم ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گەڵ ڕێکخراوێکی ژناندا کارم نەکردوە ، چونکە باوەڕم بە بێ شوناسی نەبووە لە کارکردن و ژیانی پراکتیکی خۆشمدا . پێم وایە لە سەرەتاو کۆتاییەوە سەرکەوتن و بتەوی هەر پرۆژەیەك متمانە دەخاتە سەر شوناسی ئەو پرۆژەیە ،شوناسیش لە دەرەوەی شرۆڤە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ڕۆشنبیریەکان بەرجەستە نابێت . ئەو ڕێکخراوانە تا ئێستا خاوەنی شوناسێکی دیاریکراو نین کە متمانەی بەرگریکردن لە ژن بە دەوروبەر ببەخشێت ،ئەوان ناتوانن ببن بە خاوەنی ئەو شوناسە باوەڕپێکراوەش هەتا لە نێو کایە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا ،لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی خۆجیاکەرەوە وخواستێکی مێینانە نەکەونە ململانیەی ناسین و خۆناساندن. نەکراوەو ناکرێت کەسێك ،دەزگایەك ، ڕێکخراوێك داوای شوناسی کەسانێکی دی بکات و خۆی خاوەنی ئەو شوناسە نەبێت ، خۆی درك بە گرنگی هەبوونی شوناس و واتای نەبوونی نەکات .پێم سەیرە هەندێ جار ژنانێکی ئەو ڕێکخراوانە هێندە بە کارەکانی خۆیان دەنازن و هێندە منەت بە سەر ژنانی بەش مەینەتیدا دەکەن واپیشان دەدەن ئەو کارەی ئەوان دەیکەن لە سەروو لۆژیك و باوەڕهێنانەوەیە ،ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستا کارکردنی ڕێکخراوەکانی کوردستان لە سێ ڕەهەندا خۆی نمایش دەکات ئەوانیش کێشەکانی ژن کوشتن و جیابوونەوە و هەندێ مافی ساکاری دییە ، لە کاتێکدا لەو شوێنانەی وەکو کوردستان بانگەشەی دیموکراسی دەکەن لە کیشەکانی ژناندا بە دووی ڕەهەندی چوارەمدا دەگەڕێن



ئەویش گوناهە بایلۆژیەکانە . .ژنانی ڕێکخراوەکان کە گوێیان لە ڕەخنەیەکی وا دەبێت بەو دەستە واژەیە خۆیان قوتار دەکەن کە وولاتانی جیهان ١٠٠ ساڵ بەر ئەوان کەوتوون ، ئەوەش ڕاستە کە جیهانی ڕۆژئاوا سەد ١٠٠ساڵ بەر جیهانی ڕۆژهەڵات کەوتووە ، بەڵام بەشێکی دواکەوتنی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەتیش کورد لەو تەسلیم بوونانەوە بە خورافەی فەراهەم بوونی پێشکەوتنەکان بە پێی زەمەن و قۆناغە مێژوویەکانە ، ئەو بۆچوونە ڕاست نیە ، تەنها بەشێکی لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکە ، دوو بەشی پەیوەندی بەو دەستنیشان کردنە جیاوازەوە هەیە لە نێوان مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا لە فاکتەرە دەستنیشانکەرەکاندا فەراهەم دەبێت ، ساکارترین نموونەیان شوناسی ڕۆژئاوایی خۆی لە هۆشیاری ئایدۆلۆژی و تەکنیکیدا بەرجەستە کردووە ، شوناسی ڕۆژهەڵاتیش زۆر بە تایبەتیش لە نێویاندا کورد شوناسیان لە نێوان هۆشیاری هەرەمەکی وخورافەو ئایندا تواوەتەوە .مرۆڤێك نەگات بە هۆشیاری ئایدۆلۆژی نازانێت بە چ پەیڕەو یرۆگرامێك مامەڵە لە گەڵ مەسەلە هەستیارەکانی وەکو مەسەلەی ژنان بکات ، نەك هەر ئەوە بگرە نازانێت مافەکانی خۆشی بە تەواوی چین ، جا کەسێك خۆی خاوەنی هۆشیاری هەرەمەکی بێت ئەو هۆشیاریەی بەرماوەیی کەلتوور و خورافە و ئەفسانەو ئاینە دەبێت چییان بۆ ژن پێ بکرێت ؟گەر ڕێکخراوەکان بە مێژوو و کاری چەند ساڵەی خۆیان و چنینەوەی بەرهەمەکانیشیان بچنەوە ، ڕاستگۆیانە و ڕووناك بینانە دەزانن دوو بەراووردی هێندە دوورن وەکو ئەوە وایە هیچیان نەکردبێت ، دڵنیام گەر خاوەنی ئەو هۆشیارە بن کە بەراوردێکی عەقلانی بکەن بە هۆشیاریەکی ئایۆلۆژییەوە یان سەرجەم پرۆگرامی خۆیان دەگۆڕن ، یان داوای لیبوردن لە ژنان دەکەن کە خۆشیان و ئەوانیشیان خەڵاتاندووە و لەوە زیاتر کارناکەن . تەنها لە خۆیان بپرسن بۆچی دەسەڵاتەکانی کوردستان هەتا ئێستا بە دەنگی داواکانیانەوە نەهاتووە ؟ کێ بەرپرسیارە ؟ هۆشیارە هەرەمەکییەکە یان دەرباربوونی ئەوان بۆ دەسەڵات ؟ بیگوومان هەردووفاکتەر ...ئەو کێشانەی هەتا ئێستا ریکخراوەکان باسی دەکەن هێندە قورس نین بە بڕیارەکی حکومەت چارەسەر نەکرێت ..ئەوەی بە شیخ زانا کرا بە ژن کوژان بکرایە ، گەر نرخی ژنێکیش هێندە نرخی پیاوێك دابنرایە ئەوەی دەیکوژێت بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە بەر دەم میدیاکاندا بڕیاری کوشتنەوەی جێبەجێ بکرایە و وەکو دیاردەیەکی نەفرەت لێکراو بە خەڵك بناسرایە ئێستا ژنان تەنها لە چەقی ئەو بازنەیەدا نەدەخولانەوە ...چەندین نموونەی دیار و زەقی دی کە دەیسلمێنێت دەسەڵاتە کوردیەکان و بڕیار و پشتگیری ئەوان لە چەوسێنەران و بکوژانی ژن و مامەڵەی یاساکانی خۆیان وەکو چەوسێنەری ژن بووە بە هۆی بەرپابوونی ئەو وەحشیگەریە دژ بە ژنە .بەڵام ! ڕێکخراوەکان خۆیان لە گەڵ کێ و بۆ کێ کاردەکەن ؟! کارەساتە چەوساوە و چەوسێنەر پێکەوە بۆ یەك ئامانج کاربکەن .

> پێم وانیە کاری ژنان لەو حزبانە کەم بایەخ تر بێت کە مانگانە دوملێۆن دۆلار بودجەیانە لای حکومەتی هەرێم و لە بری ئەوەشدا تیرۆرست بەرهەم دەهێنن بۆ لە ناو بردنی لاوانی کورد

***★ لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا ڕێژەیەك دیاری کراوە بۆ پەرلەمانتاری ئێوە ئەو ڕێژەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە ئەو ژنانە بتوانن دەنگی ژن بن یان ئەو تێڕوانینە دەخەنە ڕوو کە پیاوان بۆ ژنیان هەیە ؟.***

- ئێمە لە پرسیاری یەکەمدا باسمان لە کێشەی شوناس کرد، کە پێم وایە سەرجەم کێشەکانی جیهان و ململانیەکان خۆیان بە ستراکتۆری شوناسەوە گرێ داوە ، گەر لەم دەرگایەوە بڕوانینە شوناسی کورد لە نێو عێراقدا چ ئەو شوناسەی بەر لە ڕووخانی بەعس و بەر لە هەبوونی بەعسیش لە عێراقدا بە کورد بڕاوە و چ ئەو شوناسەش پاش ڕۆخانی بەعس و خۆگرێدان و پیاهەڵدان بە عێراقی فیدرالی بە کورد بەخشراوە جێگەی شەرمەزارین نەك ئومێد ، من بۆ خۆم کاتێك بانگەشەی تەلەفزیونێك دەبینم بۆ عێراقی دەکات ، یان پیاهەڵدان و خۆ بە عێراقی زانینی هەر کوردێك دەبینم پڕ بە پێستی خۆم شەرم دەکەم و خوازیارم مێژوو تۆماریان نەکات ڕۆژێ لە ڕۆژان نەدرێنەوە بە نێوچاوانماندا . بۆیە مەسەلەی عێراق و فیدراڵی عێراق هیچ پنتێکی پۆزەتیڤی بۆ من نەگەیاندووە و ناگەیەنێت ، هەمیشە خوازیارم و خوازیار بووم ژنانێکی بە توانا و ڕوناکبیری کورد نەچنە نێو بازنەی بەد ناوی عێراقەوە . ئەوەی دەچێت وەکو مرۆڤ بۆ کیشە مرۆیەکانی عێراق و هەر وولاتێکی دی کار دەکات ئەوە جیاوازە و ئەرکی مرۆییە ، بەڵام گەر دەچێت لە بەغداد کوردایەتی دەکات ئەوەیان خۆ خەڵەتاندنە ، بۆ هەمموان کە دیارە بۆ ژن زۆر قورستر دەکەوێتەوە ، چونکە هەرگیز عەرەبی ئیسلامی و ئیسلامی عەرەبی باوەڕی نە بە مافی کورد هەبووە وەکو گەل نە باوەڕی بە مافی ژنیش بووە ، وەکو مرۆڤ ، وەکو لە نیوە زیاتری ئەو کۆمەڵە کە ستراکتۆری داهاتوویەکی گەش یان ڕەشی ئەو کۆمەڵە دەبەخشێت . من خوازیاربووم گەر پیاوانی دەسەڵات خۆیان لە گەڵ هەویری عێراق شیلا ژنان نەیانکردبا ، بەڵام ئەمەشیان دیسان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی هۆشیاری هەرەمەکیەکەی باسمان کرد . دەنا ژنانی کورد ١٥ ساڵە باس لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژن دەکەن و هێشتا کاروانیان نەگەشتوە بە لە دەدا یەکی ڕێگا بە کوێدا گەڕانەوە بۆ یاسا و گرفتە عەقلیەکانی سیستانی و ئەو ژنانەی کە دەچنە سەر شەقامەکان و لە بری داوای ماف داوای چەوساندنەوە دەکەن و داوا دەکەن ئەو مافانەی یاساکانی باری کەسی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ و نیو سەدە بەر لە ئێستا پێیان بەخشراوە لێیان وەربگیرێتەوە بگەڕێنەوە بۆ شەریعەتی زیندە بە چاڵ کردن .جا کارکردن لە گەڵ ئەو جۆرە نەخۆشی ماسوشیە و ئەو عەقلیەتە ئێکسپایەرە و لە نێو ئەو شەریعەتی جەنگەڵەدا چ پێویست دەکات باس لە ڕێژە و زۆری و کەمی ڕێژە بکرێت و چ واتایەکی بۆ ژن دەبێت ...وە هەتا ئێستا دەنگ و ڕەنگی ژنان لە پەرلەمانی عێراقدا چی بووە ئەوە نەبێت وەکو دیکۆر بە کاریان دەهێنن بۆ چەواشەکردنی ڕەنگ و پێناسەکانی دیموکراسی ...خۆ کیشەی ئێمە هەر وابووە هێندەی ژنانی دیکۆر ، ڕۆشنبیرانی دیکۆر و نوێنەرانی دیکور گورزی کوشندەیان لە دۆزەکەمان داوە دوژمنانمان نەیانکردووە .

***★ وەك چاودێرێك بۆ مەسەلەی ژنان بارودۆخی ژنان لە بەشەکانی تری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟.***

- کیشەی ژنانی پارچەکانی دیش دیسان کیشەی شوناسە بەڵام بە جۆرێکی دی ، ئەوان تا ئێستا لە ململانیەی دان پێدانانداندان ، وەکو کورد دانیان پێدا بنێن کە بوونیان هەیە و خاوەنی هەندێ مافی ساکاربن ، یان لایەنی کەم شایانی بنبڕکردن و زیندان و ئەشکەنجە دان نین .

دیارە لە هەموو جیهانیشدا هەر وابووە هەتا نرخی مرۆڤ بوونی گشتگیر و دانپێدانانی مرۆڤەکان وەکو نەتەوە ، گەل ، گروپ و ئەتنیك بەرجەستە نەبێت ، کە شەڕی دەرەکی مرۆڤن ، ئەو شەڕەی بەرانبەریەکی دیاریکراوی هەیە ، ناگات بە شەڕ و ململانیە ناوەکیەکانی خۆی لە گەڵ دەنگ و خواستە خنکاوەکانی ، لە گەڵ کوت و پەیوەندی دەست و قاچی . هەتا شەڕە دەرەکیەکانی تەواو نەکات ناگات بە پرۆسەی ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵ و زیندوو کردنەوەیبەشە مردووەکانی ناوەوەی خۆی .

***★ تێڕوانینتان بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا ژنانی کوردی تێدا تێئەپەڕێ چیە ؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو ڕیکخراوانەی لە کوردستاندا کاردەکەن.***

- لە پرسیارەکانی پێشوودا زۆر لە تێڕوانینەکانم سەبارەت بە بارودۆخی ژنان دەرکەوتوون ، ئەوەش سەربار دەکەم کە بارودۆخی ئێستای ژنان ، بارودۆخێکی دووفاقیە ، دەیەوێت عەقڵە بۆماوەیی و کەلتورە نەریتیەکان بپارێزێت و داوای ماف و ئازادیش بکات ، دەیەوێ بە هۆشیاریەکی هەرەمەکیەوە نوینەرایەتی هۆشیاری ئایدۆلۆژی بکات ، دەیەوێ لە گەڵ چەوسێنەرەکەی ڕێبکەوێت لە سەر چەوساندنەوەکانی و باسی مافی ژن بکات ، دەیەوێ لە گەڵ دەسەڵات و دژی دەسەڵاتیش بێت ، دەیەوێ بە بێ شوناس داوای شوناسی ئەوی بەرانبەر بکات ، دەیەوێ بە ڕۆشنبیریەکی کەمتر لە مامناوەندییەوە بانگەشەی ڕۆشنبیری نوخبەوی بکات ، لە هەڵویستەکاندا سادی و ماسوشی دەنوێنێت لە بەرژەوەندی ئەو حزبەی کاری بۆ دەکات و ئەوانەی نەیارین ، جا با نەیارەکە ژنیش بێت ، ئەوی ژنی بانگەشە کاری مافی ژن هەر دژایەتی دەکات چونکە دژی دەسەڵاتە دروستکەرەکەی ئەو بووە کە لە هەمان کاتدا چەوسێنەریشێتی ...بە هەر حاڵ پێشنیازم بۆ ژنان ئەوەیە کە لە ژێر چەتری حزبەکان و کۆنترۆڵیان بێنە دەرەوە و ببن بە داکۆکی کاری ڕاستەقینەی مافی ژنان و هەموویان لە ژێر یەك ئامانج و دروشمدا کۆببنەوە کە مافی ژنە ، ببن بە هێزیکی یەکگرتووی بەهێز و ئەوەی ئێستا دەسەڵاتەکان هاوکاریان دەکات و بێدەنگ بوونیان دەکرێت ، ئەو کات بە یەکبوونیان وەکو هەر حزبێك لەو حزبانەی بوودجەی تایبەتی خۆیان هەیە ئەوانیش لە ژێر ناوی هێزی ژنان ، بزوتنەوەی ژنان ، ئەوەی کە خۆیان پێیان خۆشە ، بودجە و داهات و پرۆژەی خۆیان هەبێت و حکومەتیش ناتوانێت بڵێ "نا " چونکە پێم وانیە کاری ژنان لەو حزبانە کەم بایەخ تر بێت کە مانگانە دوملێۆن دۆلار بودجەیانە لای حکومەتی هەرێم و لە بری ئەوەشدا تیرۆرست بەرهەم دەهێنن بۆ لە ناو بردنی لاوانی کورد ..ئایە ژنان خۆیان لەم بزوتنەوە سەلەفیانە بە کەمتر دەزانن ؟ کارەساتە خۆیان لەوانە کەمتر بزانن و بۆ هەمیشە لە کودی ئەو هۆشیاریە هەرەمەکیدا چەق ببەستن و ببن بە ئامرازی خەڵتێنەری چەوسێنەرەکەیان ،هەمیشە لە دەرگای چەوسێنەرەکەیاندا بتێکی بێ ڕۆح بن .

> بارودۆخی ئێستای ژنان ، بارودۆخێکی دووفاقیە ، دەیەوێت عەقڵە بۆماوەیی و کەلتورە نەریتیەکان بپارێزێت و داوای ماف و ئازادیش بکات




نامەی چوارەم

### ئەو وەختەی نووسین بێهوودە ئەبێت

**لە دوورەوە نووسینی:**

زۆرن ئەو کاتانەی هەست ئەکەم نووسین بێهوودەیە ، کەچی هەر ئەنووسم ، لەبەر یەك هۆ ئەویش ئەوەیە هیچ پەناگەیەکی تر شك نابەم سەری پێوەنێم ، هیچ چەکێکی دی شك نابەم شەڕی پێبکەم ، هیچ بەندەرێ شك نابەم پاپۆڕی خەمەکانمی لێ ڕاگرم..

کەم جار ڕازی ئەبم لە هەموو وشەیەك بینووسم ، زۆر جار ڕووداو زۆر لە سەروو زمانی نووسینەوە ئەبێت ، زۆرجاریش زۆر لە نووسین گەورەتر و ئاڵۆزتر ئەبێت ، زۆر جار زۆر لە دەرەوەی توانای نووسینەوە ئەبێت..ئیدی ناچار ئەبم هەستەکانم کورت کەمەوە و لە دێڕە کورتەباڵاکاندا بیانهۆنمەوە ، ئەوەش دووچاری ناڕازیبوونم ئەکات ، زۆر جاریش پەنائەبەمە بەر هێزی لەت و پەت کردنی مەوداکانی نێوان خۆم و هەر شتێك لەدەروەی خۆمدا ئازارم بدات ، تا پێی بگەم و لە نهێنی ئازار نزیك بمەوە و هەڵیوەشێنمەوە و جارێکی تر لە بێهودەییما دایرێژمەوە بەڵام بە ئەلفابێتایەکی تر هەر لە خەم و پەژارە و بیانکەمە پەپوولە ڕەنگالاکان و هەڵیانفڕێنمە سەر باغەکانی خەونیان پێوە ئەبینم..

هەموو ئەوەی ئەمەوێت بیکەم ئەوەیە : ئەمەوێت ڕزگارم بێت لە کۆت و بەندەکانی نووسین و فەلسەفە لێڵەکان و دوو ڕوویی هەستەکان ، و ئەمەوێت وشە بە نەمری لە ویژدانی ولاتدا بمێنێتەوە ، زۆر جار هەوڵم داوە هێند بە ڕوون و شەفافی بنووسم تا ئەو ڕادەیەی خۆم بریندار کردووە لەبەر خاتری ئەوەی درۆ نەکەم و قەڵەمەکەم پەی بە هونەری درۆ و هەڵخەڵەتاندن نەبات.. زۆر جار ئەخوازم هەستەکان بێ لایەنانە بخەمە سەر کاغەز و وشەکان بێ ناسنامە بهێڵمەوە ، لەگەڵ ئەوەی ئێمە کوشتەی دەستی ئەو ناسنامەیەین کە شەڕی بۆ ئەکەین، لەگەڵ هەمو ئەوەدا کەم جار پێم ئەکرێ لە شاری وشە دوور کەومەوە و نەتوانم ڕاستگۆ نەبم ، ناتوانم لەسەر لێوی پرسیار دانەنیشم و نەسووتێم و تەماشای کەرنەفاڵی مردن نەکەم و لە دوورەوە وەرزەکانی گریان نەهۆنمەوە ، زۆر جار جانتای "وشە" ئەپێچمەوە و باخچەکانی "دەربڕین" شەتەك ئەدەم بەنیازی ئەوەی بەرەوە قارەکانی نەبیستن و نەخوێندنەوە و نەبینین و هەست نەکردن سەری خۆم هەڵگرم ، بەڵام مەخابن لەسەری ئەوسەری ڕێگاوە بە ناچاری هەر ئەگەڕیمەوە ناو هەمان هەسارەی شپرزەیی و بیرکردنەوە لە ڕووداوەکان و "ئەوێ" ، و وابەستەی هەمان بازنەی "ئەوێ" ئەبمەوە و جارێکی تر خۆم لە باوەشی ئەوێدا ئەبینمەوە ، ئەگەر چی هێشتا دوورم..

**ڤینۆس فایەق**

Venusfaiq@yahoo.co.uk